## 3 گۆڤاری سەردەمی کۆماری کوردستان

1. <u>گۆڤاری ئەدەبی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی "ئاوات"</u>

تاقە یەک ژمارەی لە 22 ئوکتۆبری 1945 دا لێ دەرچووە، نەمر محەمەدی شاپەسەندی لە مەهاباد دەری کردوە *(بڕوانە ئاڵقەی ژمارە 151 لەم زنجیرە وتارە)*.
گۆڤارەکە هیچ بابەتێکی پەیوەندیدار بە بۆکانی تێدا نییە.

2. <u>گۆڤاری "هاواری کورد"</u>
وەک درێژەی گۆڤاری نیشتمان *(بڕوانە ئاڵقەی ژمارە 155)* سەیر دەکرێت، تاقە یەک ژمارەی لێ بڵاو کراوەتەوە، کە ڕێکەوتی ڕەزبەری 1324(سپتەمبر و ئوکتۆبری 1945) ی بەسەرەوەیە.
لە لاپەڕەی 7 و 8 دا وتارێک بەناوی "مەلا مەعروف کۆکی" نووسراوە، کە بە حیسابی ڕەچەڵەکی ئەو شاعیرە ناودارەی مەهاباد، گوندی کۆکە و شاری بۆکان دەگرێتەوە. لە لاپەڕە 16 و 17 شدا شیعرێکی مامۆستا هەژاری تێدا چاپ کراوە. سەرنووسەری گۆڤارەکە روون نییە کێ بووە، بەڵام نەمر سەید محەمەدی حەمیدی دەستی لە دەرکردنیدا هەبووە.

3. <u>گۆڤاری "هاواری نیشتمان" (بڵاوکەرەوەی بیری یەکییەتی جەوانانی دیموکرات)</u>
سەرنووسەری گۆڤارەکە، نەمر "سدیق ئەنجیری - ئازەر" بووە. تاقە یەک ژمارەی لێ دەرچووە کە ڕێکەوتی یەکی خاکەلێوەی 1325(21ی مارسی 1946) ی بەسەرەوەیە. لە لاپەڕەی 32 تا 35 دا وتارێک بەناوی "بێ بەش کران لە حقوقی مەدەنی" تێدایە "سەعیدی هومایونی" نووسیویەتی و دەبێ نەمر "سەعیدی هومایون" خوشکەزای پێشەوا *(ئاڵقەی 168ی ئەم زنجیرە وتارە)* بێت.

هەر سێی ئەم گۆڤارانە، لە کتێبی "ڕۆژنامەوانیی کوردی سەردەمی کۆماری دیمکراتی کوردستان 1943 - 1947" نووسینی د. هێمدادی حوسێن دا چاپ کراونەتەوە: گۆڤاری ئاوات لاپەڕە 417 تا 439؛ هاواری کورد لاپەڕە 441 تا 474؛ هاواری نیشتمان؛ لاپەڕە 667 تا 711. *(بۆ تایبەتمەندییەکانی کتێبەکە، بڕوانە ئاڵقەی پێشووی ئەم زنجیرە وتارە)*.